# ئەورووپا لە ئاستی گێژەڵووکەی دادێ چاو دەنوقێنێ

د.کریستینا کۆیڤانین
پسپۆڕ و کارناسی سیاسیی تورکیا
لە هلسنکی- فینلەندا
تایبەت بۆ گوڵان
دەینووسی

کام دوو کتێب لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا باشترین فرۆشی لە تورکیا هەبووە؟ کتێبی گێژەڵووکەی کانزا "Metal strom" کە لەلایەن ئۆرکون ئوچار و بوراک توران نووسرابوو، ئەم کتێبە باسی شەڕی نێوان ئەمەریکا و تورکیا دەکات، کە لەمانگی مایسی ٢٠٠٧ لە باکووری عێراق دەست پێدەکات، کاتێک هێزەکانی ئەمەریکا سەربازانی تورک لە نزیک کەرکووک دەستگیر دەکات، لەم رۆمانەدا هێزەکانی تورکیا دەچنە ناو باکووری عێراق بۆ یارمەتیدانی تورکمانەکان.
من گوێبیستی ئەوە نەبووم ئەم کتێبە بۆ زمانی ئینگلیزی یان ئەڵمانی وەگیرابێت، ئەمەش بە شیاو دەزانم، لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە ئەورووپییەکان ئەم کتێبە "گەردەلوولی کانزا" بخوێننەوە.
"گێژەڵووکەی کانزا" رۆمانێکە بەڵام زۆربەی خەڵکی تورکیا وا بیردەکەنەوە ببێت بە راستی، بەرەو پێشەوەچوونەکانی ئەم دواییەی کوردستانی باشوور مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە رووداوەکانی فەسڵی یەکەمی رۆمانەکە مەحاڵ نەبن.
سیاسەتمەدارانی تورک دژ بە ئیرادەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت کۆنفرانسێک لەسەر کەرکووک رێک بخەن. ئایا هۆیەکانی راگەیاندنی ئەورووپا دەربارەی ئەم کۆنفرانسەیان نووسیووە؟ نەخێر، تەنانەت ئەورووپییەکان ئاگاداری ئەوەش نین، کە ماوەی ساڵێکە نزیکەی ٢٥٠ هەزار سەربازی تورک لە سنووری عێراق چاوەڕێی ئەوەن فەرمانیان پێ بدرێت و سنوور ببەزێنن، ئەمەش مەترسی پێکدادانی سەربازی هێندەی رووداوەکانی هاوینی رابردووی لوبنانی لێدەکرێت، بەڵام ئەورووپا نایەوێت ئەم رووداوانە ببینێت.
ئەورووپییەکان دەربارەی مەسەلەی قوبرس و ئەگەری بە ئەندام بوونی دەوڵەتێکی ئیسلام دەکەن بەوەی ئایا دەکرێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، وتووێژەکانی ئەم رۆژانە وەک وتووێژەکانی ١٥ ساڵ پێش ئێستا وایە، خەڵکی ئەورووپا لەوە تێناگەن کە بارودۆخی تورکیا و سەر سنوورەکانی هەمووکات لە گۆڕانکارییەدایە مەسەلەی بە ئەندام بوونی تورکیا وەک سیاسەتێکی ناوخۆی لە زۆربەی وڵاتەکاندا بۆ کاتی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت، هەربۆیە وێنە و زانیارییەکانیش سەبارەت بە تورکیا زەمەنی تێپەڕیوە.
بەڕاستی من تێناگەم بۆچی ئەورووپا دەستەوەستانە، وا پێدەچێت دەوڵەتانی ئەورووپا هیچ پەندێک لەشەڕی بەلکانی یەکەمی رابردوو فێر نەبوون، هەربۆیە ئەگەر لە نێوان تورک و کورددا شەڕ رووبدات زۆربەی ئەورووپییەکان دووچاری سەرسوڕمانێکی گەورە دەبن.
ساڵی ١٩٩١ لە شاخەکان زستانێکی سارد بوو، هەربۆیە ساڵێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ پەنابەرانی کورد، بەڵام وەک پەناهەندەکانی چەند ساڵ لەمەوپێش بەلکان گێرەمەو کێشەی بۆ یەکێتی ئەورووپا دروست نەکرد.
بڕواناکەم یەکێتی ئەورووپا وا بیربکاتەوە کە لەو شاخانەی دوورن شەڕێک رووبدات و کێشەیەک بۆ یەکێتی ئەورووپا دروست دەکات. یەکێتی ئەورووپا دەبێ لەوە تێبگات کە بارودۆخی ئێستا لەگەڵ بارودۆخی ساڵی ١٩٩١ جیاوازە، ئێستا ئەمەریکا هاریکاری لەگەڵ کورد دەکات، ئەمەش بە پێچەوانەی ١٥ ساڵ لەمەو پێشە.
هەربۆیە دەبێ بڕیارسازانی یەکێتی ئەورووپا راشکاوانە بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ گێژەڵووکەی داهاتوو دەکەن، دەبێ نوێژ بۆ ئەوە بکەن کە موعجیزەیەک لەسنووری عێراق - تورکیا رووبدات یان بە هیوای ئەوە بن ئەم گێژەڵووکەیە بەسەرباندا تێپەڕێت کە نایانەوێت ببینن.

